پیاوێک له ناو مزگەوتدا بانگی کرد ووتی: ئایا هیچ کەسێک وشترێکی سووری بینیووە؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: هەرگیز نەیدۆزیتەوە؛ مزگەوتەکان دروستکراون بۆئەوەی مەبەستی بۆی دروستکراون

لە بورەیدەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پیاوێک لە ناو مزگەوتدا بانگی کرد ووتی: ئایا هیچ کەسێک وشترێکی سووری بینیووە؟ پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «هەرگیز نەیدۆزیتەوە؛ مزگەوتەکان دروستکراون بۆئەوەی مەبەستی بۆی دروستکراون (واتا: بۆ پەرستن ویادی خوای گەورە دروستکراون نەک بۆ شتی تر)».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- گوێی لە پیاوێک بوو لە ناو مزگەوتدا بانگی دەکرد دەیووت: (ئایا هیچ کەسێک وشترێکی سووری بینیووە؟): داوای لە خەڵکی دەکرد هەرکەسێک وشترە سوورەکەی بینیووە با پێی بڵێت. سەبارەت بەمە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (هەرگیز نەیدۆزیتەوە) یان (لا رده الله عليك): هەروەکو لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە؛ واتا خوای گەورە هەرگیز بۆت نەگەڕێنێتەوە. (مزگەوتەکان دروستکراون بۆئەوەی مەبەستی بۆی دروستکراون -واتا: بۆ پەرستن ویادی خوای گەورە دروستکراون نەک بۆ شتی تر-): پاشان هۆکاری ئەم نزاکردنەی ڕوونکردەوە لەسەر ئەم کەسە، ئەویش ئەوەیە: مزگەوت بۆ کاروبار وشتومەکی دونیا وبانگکردن بۆ شتی ونبوو ومامەڵەی کڕین وفرۆشتن دروست نەکراوە، بەڵکو دروستکراون بۆئەوەی مسوڵمانان یادی خوای گەورەی تێدا بکەن وقورئان بخوێنن وفێری ببن وفێری بکەن وفێری زانستە شەرعییەکان بن وکردەوەی تێدا ئەنجام بدەن بۆ قیامەت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/8949